# هەرگیز بێ دەنگ نابم..!



## سەرهەنگ حەمەساڵح

کاك سەرهەنگ
کاکەگیان بەنیاز بووم لەسەرت بنووسم بەڵام بەچاکم زانی پێشتر بە خۆت ڕاگەیەنم تاسوودی هەبێت گەر هەر واز نەهێنیت ئەو کاتە ناچار دەبم قسەلەسەر شیعرە جوانەکانت بکەم.
کاکە گیان جارێ بزانە شیعر چییە ئەوکاتە شیعر بنووسە تۆ وادەزانی هەر کەدوو قسەی قۆڕت لە سایتێکی بێ مەعریفەدا بڵاو کرایەوە ئەوە جانابت شاعیری کاکە گیان شیعر خەونە شیعر خەیاڵە شیعر
قوڵبوونەوەیە شیعر فەلسەفەیە شیعر ڕوانین و بینین و هەستکردنی تازە بەرهەمدەهێنێ شیعر نوێژکردنە بۆ ئیمانی وشە ..شیعر تەمەنێك قسەکردن هەڵدەگرێ.. بڕۆ حەزرەتی نالی و مەحوی و گۆران بخوێنەوە بڕۆ دانتی و ڕامبۆ و بۆدلێرو ئەدۆنیس و ماغوت و نزار قەنانی و شاملو و فروغ بخوێنەوە.بزانە چ سیعرێکیان نووسیوە کە مردن لە ئاست ئەو شیعرانەدا بچوکە. نەك وەک تۆ و ئەمسالی جەنابت نازانن شیعر چییە ؟ پەلاماری دنیای ناسکی شیعر دەدەن و دەیشێوێنن ئاخر ئەوەی دەینوسی بیخوێنەوە بزانە چەن بەتاڵە لە تەکنیک و جوانی شیعرو ئیستاتیکای زمان ئەوەی تۆ دەینوسی وەک و زبڵ وایە زبڵ بۆ کێ دەنوسی کەس زبڵی ناوێ فێری بەزمێکی هیچ بوونە خەڵك لە شیعرەکانتان بێزارن ئەچن وێنەیەکیش بڵاو دەکەنەوە وەک بڵێی خەڵك شەیدای بینینتانبێ هیوادارم وازبێنی لەزبڵ نووسین چونکە بەو بەناو شیعرانە کە هەموو شتێکە شیعرنەبێ ئێمە بێزاردەکەن و
خۆیشتان دەکەنە مەیموون مەیموون
sherzad_kareym@hotmail.com

**من بەم بەرێزە دەڵێم بەم پەیڤانەی تۆ سەرقاڵ نابم و هەرگیز لە شیعر بێ دەنگ نابم**

**بۆ وەلآمی ئەم هەلۆیستە جوانەشت ..!بۆ خوێنەرو شیعر دۆستانی بەرێز جێ دێلم....**

Xamosh_serheng@yahoo.com